


عومرێکه من له دۆزەخی تۆدا ، هەڵدەبرژێ سەرووی باڵام

عومرێکه من  له بەرچنەی تۆدا ، دادەکەوێ سێوی دڵم

عوومرێکه من ، من له چاوەڕوانی تۆدا

گێلاسی ئۆقرەم پیر دەبێ و  تا بێ

چنگه گرەی خۆشەویستیم  ،

بەدیواری بێ هەواڵی ڕۆژەکانتا سەردەکەوێ

ئاخەر ئەی(با) ،  فیرقەت نەبووی ، شەش دەری ئومێدت گرتم !

بەفر نەبووی ، لەغەزەبی خوا زمسانا ، بە کێوی سەهۆڵت بردم !

ئاگر نەبووی ، وەک دۆزەخیان ، بە کوفاری جەهەنەمت بردم !

بۆران نەبووی ، بە هەناری داوەریوی ، سێوەری ڕەشپۆشت بردم !

نارنج بوویت و مەمی بەرزە چڵی کچان ئەی با

نارنج بوویت و مەوجی ئاوی چوونی کچان ئەی با

نارنج بوویت و نیشتیمانی هەرمێ ئەی با

نارنج بوویت وحەژمەتی نان ئەی با

نارنج بوویت وخودای عیشق ئەی با

نارنج بوویت و چۆمی ئاگر ئەی با

نارنج بوویت و بەنارنج چووی ئەی با

نارنج بوویت و بە ئاوێنەی خاشکراو چووی ئەی با

نارنج بوویت و بەچەرداخی تووتن ڕۆشتی ئەی با

که تۆ ڕۆشتی لەودیو ئەو هەموو چوونەوە

بەشی تەنیایی چۆڵ

خوا  پەروانه و گوڵی دامێ

بەشی نەجات ، لەبەر خنکان

له  پیر ئاوا ، خوا قەیاغی وەک قەیاغی نوحی دامێ

ئاخەر ئەی با  ، منێک چیبکەم  ، لەبەر عیشق

که جریوەی هەموو دنیام تیا خڕ بوو بێتەوە و

**که  فڕینی هەموو دنیام تیا خڕ بوو بێتەوە !**
**ئاخەر ئەی با  ، ئەی نارنجی پەریان**
**منێک چیبکەم**
**که هەمیشه هەڵشاخاوی ناو زەمەنم !**
**کەهەمیشه وەکوو پایز ، تاسه باری ڕووتبوونەوەی گەڵاکانم  !**
**که هەمیشه گێژەنی خەم پەرتم دەکا و**
**که هەمیشه له سازانی کۆنه نیشتیمان و**
**له  پەرتبوونی ڕەنگ و عیشق باڵ دەکێشم  !**
**بڵێ ، منێک چیبکەم**
**که چۆلەکه به گووفتی ئێواره باخان ، بەتەوس دێ**
**منیش لەتەک دنیا بەتەوس دێم**
**کەقەتاری ڕێی خەرمانه ، بەتەپ ونم به هاوار دێ**
**منیش لەتەک دنیا بەهاوار دێم !**
**منێک چیبکەم هەر تۆ بڵێ**
**کەتەنیایی شەتڵم دەکا و**
**وەک سێبەران به وەنەوشه شین دەگێڕم !**
**وەک مەمی بەرزەچڵی سنگ**
**چاو به باخی پەنجه و**
**چاو به ئاگردا دەگێڕم !**
**ئاگر نەبووی ئەی با**
**ئاگریش بای ،**
**بۆ ژیان هەر دۆزەخی تۆم نیشان دەکرد !**
**بەفر نەبووی ئەی با**
**خۆ بەفریش بای**
**ئەی بای هاوڕێ**
**ئەی بای دەڤەری بەخەڵووز**
**ئەی بای ئالووده به دایکم**
**ئەی بای (ساڵەکانی سازان)**
**لەودیو چاخی فیرقەتەوە**
**من هەر**
**هەر دەربەندی سەهۆڵبەندی ئێوەم به ماڵ دەکرد !**
**هەر دۆزەخی ئێوەم به ماڵ دەکرد !**
**وای لەچوونتان (نارنج)ی من  وای له چوونتان**
**له من چوونتان**

مەرگی هەموو پەروانەیەکە بە ژەهر !
لە من چوونتان
مەحشەری هەموو ماسییەکە بە قولاپ !
لە من چوونتان
داوەرینی هەموو سەدەکانی بەهارە لە ژیان !
لە من چوونتان
ووشک بوونی
هەموو هەنارە سوورەکانی حیکمەتە لەدەم ووجود !
لە من چوونتان
داخستنی
هەموو کتێبە سەماوییەکانی خوایە لە مەخلووقان !
لە من چوونتان
ئاشنابوونی دڕک وخارە بەلا نزار !
لەمن چوونتان پەیکی ژەهرە  بە ئێوارە
لەمن چوونتان
باری فیرقەتێکی گران و تاقانەیە
ئایەتی مەرگە بە تەجوید
گۆمی
هەراسانی ماسییەکانی پێکەنینە !
(لم) کەناری تەمەنێکە ،
شلۆق بە نەوڕەسی ڕەشپۆش !
لە من چوونتان
هەڵپەسێرانی ئاوێنەی کۆستە بە بێ دەنگی !
دەم پڕکردنی یووسفە بە گیا !
ئاژەنبوونی شووژنە بە گیانی قەڵەم !
کەتۆ ڕۆشتی ئەی (نارنج)ی بەرزە چڵان
خوا سەفەری قەبرەکانی یارەی هەڵبژارد و
لەگەڵ مندا هاتە سەنگەری ئەم حوزنە
دەیزانی من لەحەوشەی ئەم تەنیاییەدا
دەستم دەفی حەوت زکران سوور ناکا و

**دەیزانی من**

**تەنێ**

**لەقەوەی ئەم حوزنە نایەم !**

**من بە تەنیا**

**ئەمبەر و ئەو بەری ئەو بەحرەم بۆ ناکرێ !**

**من بەتەنیا**

**پاسی ئەو هەموو گوڵەبەڕۆژەم بۆ ناکرێ ، لەچۆلەکە !**

**من بەتەنیا**

**خڕکردننەوەی پایزە گەڵای**

**ئەو حەوشەیەم بۆ ناکرێ !**

**من بەتەنیا**

**ئەو هەموو کوڵە کوێرانەی**

**دابڕانم بۆ ناکوژرێ !**

**من بەتەنیا**

**ئەو هەموو مەرکانە شکاوانەم پێ ڕاست نابێتەوە !**

**من بەتەنیا**

**لە نزای ئەو هەموو جۆگانە دەرناچم !**

**من بەتەنیا**

**لەمەکری ئەو هەموو ئەستێرانە دەرباز نابم !**

**دەیزانی من لەقەوەی ئەو حوزنە نایەم**

**من بەتەنیا تۆڕم پۆڕی ئەو ناگرێ**

**من بەتەنیا بەم پەنجەرە شینانەوە**

**لاولاوەکانی لای ئەوم پێ ناگیرێ !**

**بەم سەبەتە چکۆڵانە ی بزەمەوە**

**گوڵخەنەرانی دوای بزەی ئەوم پێ خڕ نابێ !**

**خوا دەیزانی بێ تۆ ، من چەن بێ تۆ دەبم !**

**وای لە چوونت ، دەشێ بێ من**

**مەرگی چەن هەسارەی پێوە بووبێ !؟**

**دەشێ بێ من ، سارای چەن سێبەر بە ئاگر چووبێ !؟**

**حووجرەی چەن دڵ ، بە ڕووخان و بە سووت چوو بێ !**

**دەشێ ، ماڵ وێرانی چەن شەکرە چامەی پێوە بێ و**

**بە ژەهراوی بوونی چەن ڕووباری پێوە بوو بێ !**

**وای لە چوونت (نارنج)ی من وای لە چوونت**

**دەشێ عەمرەی ئەم فیرقەت و دابڕانەت**

**(پێخاوس)یی  چەن درەختی باخەکانی**
**کۆنە باخی چوار باخی پێوە بوو بێ  !**
**هەتیووبوونی چەن چۆلەکە و**
**ماڵ وێرانی چەن ژووان و**
**خامۆش بوونی چەن ئاگری پێوە بوو بێ !**
**وای لە چوونت (نارنج)ی من وای لە چوونت**
**دەشێ پاش تۆ ،**
**هەڵفڕینی چەن پۆلە گەڵای پایز و**
**کشانی چەن ئەستێرانی پێوە بوو بێ !**
**هەڵاژانی چەن جۆگەلە و**
**بە قەتماغە بوونی چەن ئاسمانی پێوە بوو بێ!**
**وای لە چوونت گوڵەکەی من وای لە چوونت**
**تۆ بە چوونت (سەرچنار)ت**
**بە خەرمەنی ئاگرەوە بە کوێ بەخشی ؟**
**تۆ بە چوونت**
**قاقا و دڵی ئیسماعیلت  ،**
**بە شیعرەوە بە کوێ بەخشی ؟**
**تۆ بە چوونت ، گۆڕ وخاک و**
**حوجرەی ( مەحوی )ت بەکوێ بەخشی ؟**
**ڕۆژەکانی من و ساڵەکانی خۆتت بە کوێ بەخشی ؟**
**ئاخەر ئەی یار ،چەتری گوفتێ بە باران بە و بێژە**
**ئەمە ڕێی چ غافڵبوونێکی تاریک و**
**بەربوونەوە بۆ ناو چ شێوێکی بوغرابوونە**
**خۆ وون کردن لە ئاوێنەکانی بەر هەتاوی عیشق**
**خۆ وون کردن لە گوڵە سۆسەنەکانی ڕووتبوونەوە  و**
**خۆ وون کردن لە تریفە سەوزەکانی بەیەک بوون و**
**وەک هەسارە خۆ شاردننەوە ،لەشەوی کۆڵانەکانی عەشق**
**خۆ شاردننەوە لە پەیامی شەمامە مەم**
**لە هەناری تنۆکە سوور ،**
**لە دڵۆپەی ئۆمەت خوڵقێن ،**
**لەغەزەبی شیعری تووڕە ،**
**بڵێ ئەی یار**
**ڕۆژەکانی من و ئاگرەکانی لای خۆت**
**لەژێر کام بەرچنەی هەڵۆژەدا ، بەحەشار برد ؟!**

**بەرچنەی ئەوهەموو ماچەت ، دابە ئاوی کامە چەم و کامە ڕووبار ؟!**
**کەروێشکەی ئەو هەموو ژووانەت ، بەقەتاری کام ڕەشەبا سپارد؟!**
**بڵێ ئەی یار ،هەی باخە یار**
**بۆ مەرگی من ،**
**دەستت لەتەک چ مەرگێکدا تێکەڵ کردو**
**وا بەسانا**
**منت کرد بە سەکۆی جەنگی ، قابیل و هابیلی ناو خوێن ؟!**
**بە قەوزەی چۆماوی ووشک ،**
**بەهەناری ووشکەڵی باخە پیرەکان ،**
**بە چۆلەکەی لاڵ و**
**بە پەروانەی کەڕ و**
**بەبازی نەزۆکی فڕین !**
**بڵێ ئەی یار ، یاری باخ یار بڵێ**
**نیشتیمانی چ شیعرێ تر ، چۆلەکەکانی لە خشتە بردی !**
**سەوزایی چ سەر چڵێ تر ، سێوەکانی بە خڵەتان بردی !**
**چ پیرییەک ، جوانی پێ دۆڕاندی و**
**چ جوانیەک ، پیربوونی لا شیرین کردی ؟**
**خۆ لە مندا سەد بەرابەری هەسارە پیری هەبوو !**
**خۆ لە مندا سەد بەرابەری جەهەنەم ئاگر هەبوو !**
**خۆ لە مندا سەد بەرابەری قەڵەمێ ،**
**بێشەڵانێ قەڵەم هەبوو !**
**خۆ لە مندا سەد بەرابەری کانییەک**
**نیشتیمانێ ئاو و کانی هەبوو !**
**خۆ لە مندا سەد بەرابەری دیوانێ**
**سەد بەرابەری بارانێ ، شیعر هەبوو**
**ئیتر ئەی یار بە گووفتی کێ**
**بەر هەیوانی منت بە بەرد چنی و**
**بە گووفتی کێ ، عەینەمەلی منت بە ژەهر کووشت ؟**
**خۆ لە مندا ، ئاگری تۆ**
**سەد بەرابەری پیری بوو !**
**خۆ لە مندا لەززەتی تۆ**
**سەد بەرابەری لێڵی بوو !**
**ئیدی چما ، وەک نیشتیمان**
**بە فەتارەی ڕەنگ وخوێنت بردم !**

ئیدی چما
وەک جارە گوڵ لە بۆراندا
بە فەتارەی هەڵوەرینت بردم !
ئیدی چما
سێوی دوێنێت ، بەئاوا دا و
هەناری دوێت ، هەڵدایە ناو
جەنجاڵی زانکۆیەکەوە !
ئیدی چما
ژیانت بە کۆڵی ڕیشۆڵەیەکەوە فڕان !
بەهارت بە کۆڵی دەمە داسێکەوە فڕان !
ئیدی چما (نارنج)ی من
ئیدی چما

پایزی 2005/ ئەڵمانیا